## لەناوەندی دەروازەی رانیە

# سێ خوێندکار قژیان مەقەستکاری دەکرێت

سێ خوێنکاری کوری خوێندنگەی ناوەندی دەروازە لە رانیە، دوای ئەوەی لەلایەن ئیدارەی خوێندنگەکەوە ئاگادار دەکرێنەوە، کە قژیان چاك بکەن، بەڵام ئەو خوێندکارانە بڕیارەکە جێبەجێ ناکەن، ڕۆژی ٣٠/١/٢٠٠٨ بەڕێوەبەری خوێندنگاکەو یاریدەدەرەکەی دوای ئەوەی جوێنی زۆریان پێدەدەن، بە مەقەستێك دەکەونە وێزەیان‌و قژیان ئەتك دەکەن‌و زۆریش لە یەکێك لەو خوێندکارانە دەدەن بەناوی (پ) کە داوای کردووە، ئەتکی نەکەن، سەرچاوەیەکی نزیك لە یەکێك لەو خوێندکارانە بەناوی (س،ع) باسی لەو زانیاریانە کردو وتیشی خوێنکار (س)لەکاتی لێدانیدا بەدار، خوێن لە دەستی هاتوە، ئەگەرچی ئەو خوێندکارێکە لەهیچ یەکێك لە وانەکان نەکەوتوە، هەروەها سەرچاوەکە وتیشی ئەو مامۆستایە مەقەست پیشانی خوێندکارەکان دەدات‌و هەرەشەیان لێدەکات‌و مامەڵەی توندە، بەڵام هەر لەو خوێندنگایە وەك سەرچاوەکە باسی دەکات سێ خوێندکار هەن بەناوەکانی (ئا، ر، ب) کە خزمی بەڕێوەبەرەکەن‌و قژیان درێژەو کەس هیچیان پێنالێت.

بەڕێوەبەری خوێندنگاکە بۆ لێدوان ئەوەی رەت نەکردەوە کە حاڵەتی ئاوا روویداوە، بەڵام وتی پێیوستە خوێندکار پابەندی یاساو سیستەمی خوێندن بێت، وتیشی ئەو خوێندکارە هەندێك سەرپێچی لە یاساکاندا هەبوەو لەدوای دایکیم ناردووە، بەڵام دایی وتی: بە قسەمان ناکات‌و دایك‌و باوکیشی پشتگیریان کردووە بۆئەوەی قژی درێژ بێت، بەڵام باوکی لەکاتی سەردانەکەیدا هەرەشەی لێکردین، بۆیە بەنیازین سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین، هەروەك وتیشی بۆ جیاوازیکردن لەنێو خوێندکاراندا من خەڵکی ئێرە نیم‌و هیچ خوێندکارێك ناناسم‌و لەو کاتەشدا لەهیچ خوێندکارێك نەدراوە، لەلایەکی ترەوە باوکی منداڵەکە وتی: لەدوای رووداوەکە سەردانی بەڕێوەبەری خوێندنگاکەم کردووە، پێم وتوە کە دەبێت بەشێوازێکی تازەو مەدەنی خوێندکار پەروەردە بکرێت، بەڵام گوێی لێ نەگرتووم‌و دەنگی بەسەرمدا بەرز کردۆتەوە، هەروەها وتیشی مەقەستێکی ئامادەم بینی لە ئیدارەی خوێندنگەکەو هیچ پاساوێکیشی بۆ رووداوەکە پێ نەبووە، هەروەها رایگەیاند کە ئەو داکۆکی لە کورەکەی کردووەو هیچ هەڕەشەیەکی نەکردووە.

مامۆستا ئیبراهیم حەوێز بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیە بۆ هەمان کێشە وتی: من شتی وام نەبیستوە، بەڵام بڕیاری پەروەردەیی وایە کە نابێت لێدان‌و جوێن‌و ئیهانەکردن لەناو خوێندنگاکاندا ببینی‌و تەنانەت ئەگەر رەفتارێکیش لەلایەن خوێندکارێکەوە بنوێنرێت، لە دەرەوەی داب‌و کەلتور دابێت، دەبێت لەگەڵ کەس‌و کاری قسە بکرێت‌و هەوڵ بدرێت بە هێمنی رەفتارەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، وتیشی ئێمە لیژنە بۆ ئەو کێشەیە پێك دێنین‌و رێوشوێنی یاسایی خۆمانی لە بەرامبەردا دەگرینە بەر، چونکە ئێمە مامەڵە لەگەڵ ڕوخساردا ناکەین

# ( ڕوونکردنەوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیەوە )

لە ژمارە ( ٤و٥ ) ی ڕۆژنامەی لێدوان بابەتێك لە ژێر ناونیشانی ( ڕاپۆرتێکی دەستەی چاودێری دارایی لە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە لە (٨٩)لا پەرەدا باس لە گەندەڵی و تەزویر و چەند سەرپێچیەکی بەڕێوەبەرایەتی دەکات ) بڵاوکراوەتەوە بۆیە بە پێویستمان زانی ڕوونکردنەوەیەك بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ڕاستی یەکان بخەینە روو.........

بەر لە هەر شێك لەم ڕوونکردنەوەیەدا دەمانەوێت ئەو ڕاستی یە بۆ خەڵك و ڕۆژنامەکەتان بخەینە روو کە تەواوی ڕاپۆرتی چاودێری دارایی بریتی یە لە سەرنج و تێبینی و گومان و پێشنیار و هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەش قابیلی وەڵام دانەوەن کە ئێستانزیکەی ٨٥٪ سەرنج و تێبینی یەکانی ڕاپۆرتەکە وەڵام دراونەتەوە و لە داهاتووشدا وەڵامی تەواوی ڕاپۆرتەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیەوە رەوانەی دیوانی چاودێری دارایی دەکرێتەوە نەك وەك ئەوەی ڕۆژنامەکەتان حوکمی دادوەری داوە (دزی ، تەزویر، ئیختیلاس )

جا ئەگەر ئەمانە ڕاست بن کە ئێوە ئاماژەتان پێداوە چی پێویست بە لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون دەکات کە ڕاپۆرتی چاودێری دارایی داوای دەکات و ئێوەش لە سەرەتایی بابەتەکەتان ئاماژەتان پێداوە.

کاکی نووسەر باس لە ئازادی بیر و ڕاو دابی ڕۆژنامەوانی دەکات و پاساویشی بۆ ئەوە ئەویە کە تەلەفونی بۆ بەڕێوەبەری گشتی کردووە تا سەرنجی خۆی لە بارەی بابەتەکە بدات بەڵام لەوە دەچێت بە ئەرکی زانیربێت سەردانێکی بچووك بکات و وەڵامی پرسیارەکانی لە نزیکەوە وەربگرێتەوە هەرچەندە بەڕێوەبەری گشتی لە دەرەوەی وولات نەبووەو شوێنی نوسینگەکەشی دیارە. لە کاتێکدا ناوبراو باس لە بابەتێکی هەستیار دەکات و تۆمەتی دزی و گەندەڵی و ئیختیلاس بە باڵای شێوازی ڕایکردنی کارەکانی پێنج ساڵی ڕابردووی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رایەدا دەبڕێت و چاوی لەوە پۆشیوە کە کە ڕاپۆرتی چاودێری دارایی بە سەرنج و تێبینی باس لە بابەتەکە دەکات .

ئێمە نەك چاوەڕێ ی ئەو تۆمەتانە نەبووین بەرامبەرمان بەڵکو پێمان وابوو هەموو ئەو پێشکەوتن و خزمەتانەی کە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا پێشکەش بە خەڵکی بیتوێن و پشدەر و بەشێك لە قەزای دووکانی کردووە بخاتە سەر رووپەری ڕۆژنامەکەتان چونکە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا خەڵکی ناوچەکەشایەدی ئەوەن کە بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی ڕانیە سەرەڕای ئەو هەموو گرفت و کێشە و کەم و کوڕیانەی لە سەرەتایی دروست بوونیدا هاتنە ڕێگەی بەتایبەت لە بواری نەبوونی ستافێکی پسپۆڕ و شارەزا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان بەڵام یەکێك بووە لە فراوانترین و پڕ خزمەتترین فەرمانگە حکومیەکانی ناوچەکە لە کاتێکدا زۆرینەی هەرە زۆری سەرنجەکانی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ڕایکردنی کارەکانی ساڵانی سەرەتای دامەزراندی بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی ڕانیە کە ئەو کات بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کەمترین کارمەندی پسپۆری هەبووە.

لە کۆتایدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە بڵاوکردنەوە و دەست خستنی ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە دەکرێت بڵێین دەچێتە قالبی کاری ڕۆژنامەوانی و زۆربەی جاریش سەرکەوتوویی ستافی هەواڵگری ڕۆژنامەکە دەردەخات بە مەرجێك لە پێناو دەرخستنی ڕاستیەکان بێت بۆ خەڵك نەك بە مەبەست.

ماوەتەوە بڵێین کە ڕۆژنامەی لێدوان لە ئەزموونی کاری ڕۆژنامەوانی خۆیدا پەلەی کردووە چونکە پێویست بوو چاوەڕێ ی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دیوانی چاودێری دارایی بکردایە ئەو کات بە پێ ی عورف و شێوازی کاری ڕۆژنامەوانی کاریان لە سەر بابەتەکەبکردایەچونکە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە ئەم ڕاپۆرتە پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە و بە ڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی ڕانیە وەڵامی پێویست بۆ دیوانی چاودێری دارایی لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا دەداتەوە و بە ڕاشکاوی بێ سلەمینەوە ڕاستیەکان بۆ هەموو لایەك ڕادەگەیەنێ .

ئیمزا
ڕاگەیاندنی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕانیە
٣١/١/٢٠٠٨

**تێبینی: بۆ پاراستنی مافی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە لە وەڵامدانەوەو دەسکارینەکردنی ڕوونکردنەوەکەیان لێدوان وەك خۆی‌و بێ چاك کردنی هەڵەی زمانەوانی‌و تایپ بڵاوی کردۆتەوە.**

# ڕاپۆرتە هەواڵێك سەبارەت بە گوندە کۆنەکەی حاجیاواو کێشەی ئەو هەشت زەویەی کە بە ساختەکاری فرۆشرابوون

**لیدوان**

سەبارەت بە کێشەی ئەو ماڵانەی کە دەکەونە گوندە کۆنەکەی حاجیاوا و بۆ ڕاستی ئەو هەواڵەی کە باس لە ئیفرازکردنی زەوی دەکات لە شارۆچکەی حاجیاوادا، بەرەیوبەری ناحیەی حاجیاوا لە پەیوەندیەکدا بۆ لێدوان وتی: ئەو گوندە حەقی خۆیانە شوێنی خۆیان بۆ جیا بکرێتەوەو خزمەتگوزارین بۆ بکرێت, چونکە سیملیەکی ناجوانی بە شارەکە داوە، بۆیە نەخشەیەکی جوانیان بۆ پەسند کراوە، کە بگونجێ لەگەڵ نەخشەی بنەرەتی شارۆچکەی حاجیاوادا. نەخشەکەش بۆ گوندەکەیەو ئیفرازی تێدا نییە و وەکو ئەنجومەنی شارەوانی وەك سەرۆکایەتی شارەوانی مسادەقەکردن بووە, لەسەر ئەو نەخشەیەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان‌و بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانان دانراوە، ناتوانین پێی بڵێین ئیفراز. سەبارەت بە هەمان مەسەلەش سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا بە لێدوانی ڕاگەیاند: دێیە کۆنەکەی حاجیاوا کە لە کاتی خۆی نەخشەیەکی بۆ ئامادە کراوە، لەو ماوەیەشدا لە مەکتەبی ڕێکخستننەوە تەئکید کراوەتەوە بۆ هاوکاری کردنی زەویەکان بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێن‌و ئیشەکەیان تەواو بکرێت، چونکە حاجیاوا لە وێرا دروست بووەو بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە نەخشەی دێیەکە پەسند بکرێت، واتە نوسراوی بۆ بکرێت بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی، چەند جارێکیش بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیمان پێوە کراوە تا بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی بۆ دەربچێت‌و پەسند بکرێت، ئەم نەخشەیەش لە لایەن بەرەیوبەرایەتی نەخشەی گشتی ئاوەدانی دانراوەو ناشزانین چەند پارچە زەویە بە تەئکید, بەڵام نەخشەی ئاوەدانی لە کاتی خۆیدا، ئەو نەخشەیەیان ئامادەکردبوو, ئەم مەسەلەیەش دوا کەوت تا لەو ماوەیە لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی شارەوانی بەڕێوەبەری ناحیە رەزامەندی نیشاندرا، بۆئەوەی ئەو نەخشەیەی کە بۆ زەوییەکان ئامادەکرابوو، کە زەرەرمەند بوون, قەراری ئەنجومەنی شارەوانی بۆ دەربچێت, بەڵام ئێستا بەرز نەکراوەتەوەو بڕیارە بە زووترین کات بنێردرێت. لە لایەکی ترو بۆ چارەسەری کێشەی ئەو هەشت چارچە زەویەی کە سەرەتا بە ساختەکاری فرۆشراون، دواتر چەند هاوڵاتیەك ئەم زەویانەیان کریوەو چەندان دەستیان کردوەو خانویان لەسەر دروستکراوە بە بیانوی ئەوەی تاپۆیان هەیە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە بە ساختەکاری مامەڵەی یاساییان بۆ کراوە، بۆیە ئەم کێشەیە درا بە دادگاو تا ئێستاش دادگا لێکۆڵینەوەی خۆی بەردەوامە ئێستاش لەلایەن شارەوانی ئەو شارۆچکەیەوە بڕیارە چەند چارچە زەویەك وەك قەرەبو بۆ چوارکەس دابندرێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا بە لێدوانی ڕاگەیاند کە کێشە بنەرەتیەکە ئێستاش لە دادگایەو ئەو هاوڵاتیانەش کە ئەو زەویانەیان کریوە، چوارکەسیان پێشتر نەقلی موڵکەیان بۆ کراوەو کەسی پێنجەمیش مامەڵەی یاسایی کردووەو تەواوی نەکردوە بەڵام سێ کەسەکەی تر هیچ نەقڵێکیان بۆ نەکراوە، ئێمەش بۆ پشتیوانی ئەم هاوڵاتیانەی کە زەویەکەیان نەقلی موڵکی بۆ کراوە کە بریتین لە چوار کەس، داوامانکردوە زەویان پێبدرێت، سەبارەت بە کەسی پێنجەمیش پێویستە پارەی نەقلی زەویەکە تەسلیم بە حکومەت بکرێتەوە ئەوجا ڕێ‌و شوێنە یاساییەکانی بۆ دەگرینە بەر .

# لێدوان و ڕاپۆرتەکەی چاودێری‌و دارایی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە

لەدوای ئەوەی لە ژمارە پێنجی لێدواندا بەشێکی زۆر کەم لە وردەکاریەکانی ڕاپۆرتێکی دەستەی چاودێری‌و دارایی لەسەر بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی بڵاوکرایەوەو بەشێکیشی ڕۆژنامەی میدیا بێئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی هەواڵەکە بدات، دایبەزاند بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە لەوەڵامی لێدواندا کە لەم ژمارەیە وەك خۆی بڵاو دەبێتەوە، باس لەوە کراوە کە وەڵامی ڕاپۆرتەکەی چاودێری دارایی تا ئێستا نەدراوەتەوەو پێویستە لێدوان پەلەی نەکردباو حوکمی دادوەری لەسەر دزی‌و تەزویرو ئیختیلاس نەدابا، ئنجا باسی کاکی نوسەر دەکات، کە سەردانی بەڕێوبەرایەتی نەکردوە، لەگەڵ کۆمەڵێك شتی تر کە لە وەڵامەکەیاندا هاتوە، ئێمە ئەگەرچی ڕێز لەو ڕایانەیان دەگرین، بەڵام هیوامان دەخواست بە بەڵگە ئەوەیان ڕونکردبایەوە. لە هەمانکاتیش بە پێویستی دەزانین چەند ڕونکردنەوەیەك ئاماژە پێبدەین بۆئەوەی پەیامی لێدوان بە هەموو لایەك بگەیەنین.

ئێمە ڕێزمان بۆ سەرجەم کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە هەیە، بڵاوبونەوەی ئەو ڕاپۆرتەش بەشێکە لە خزمەتکردن بە بەڕێوبەرایەتی ناوبراو، بە پێچەوانەوە پێمان وایە شاردنەوەو دواخستن‌و وەڵام نەدانەوەی لە زیانیەتی. پێشمان سەیرە ڕاپۆرتێك باس لە دارایی ساڵی ٢٠٠٦ بکات‌و ئێستا ٢٠٠٨ بێت تا ئێستا ٨٥٪ لای خۆیان وەڵامیان دابێتەوە و بەرزیشیان نەکردبێتەوە !

دەستکەوتنی ئەو ڕاپۆرتە پەیوەندی بە وردەکاری کاری ڕۆژنامەوانیانەی لێدوانەوە هەیەو بە شانازیشەوە لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام دەبین، کە لێدوان بەردەوام لە هەوڵی دەستکەوتنی زانیاری‌و بەڵگەدا بێت بۆ خوێنەرانی‌و لە ئاست ئەو متمانەیە دابێت کەدەسەلاتی چوارەم دەیگێڕێت بۆ کاری ڕۆژنامەنوسیشمان سڵ لەکەس ناکەینەوە، پێشمان وایە ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقیە کە پێویستە لە ئاستیدا بین، لەو ڕاپۆرتەشدا ئێمە حوکمی دادوەریمان نەداوە بەڵکو وتومانە لە ڕاپۆرتی چاودێری دارایی باسی دزی و گەندەڵی ئیختیلاس کراوە، نەك نوسەرێك بە ڕای خۆی نوسیبێت.

ئەم ڕاپۆرتەی کە دەست لێدوان کەوتووە ٨٩ لاپەڕەیە، بە هۆی زۆری ڕاپۆرتەکەش بەشێکی زۆر کەمی لە ژمارەی ڕابردوو بڵاوکراوەتەوە. ئەویش لە لایەن کەسێکەوە نەنوسراوە بەڵکو لە لایەن ستافی ڕۆژنامە ئامادەکراوە، ئەوەی بڵاویشمان کردۆتەوە هیچی قسەی خۆمان نییە، سەرباری ئەوەش بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە بەو مەبەستە بووە، کە بێتە یارمەتی دەرێك بۆئەوەی بەدواداچون‌و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتە بکرێت. نەك بە پێچەوانەوە. پێشمان خۆشە بەڕێوبەرایەتی ناوبراو ئەگەر وەڵامی ئەو ڕاپۆرتەی تەواو کرد، کە بۆ ئێمەو خوێنەرانیشی بڵاو بکاتەوە، بۆئەوەی بە هەموولایەکمان ڕاستیەکان بەرز بنرخێنین ئێمەش وەك ئەرکێکی ڕۆژنامەنوسی لەسەر ئەم کارەمان بەردەوام دەبین‌و چاوەڕوانی وەڵامی ڕاپۆرتەکە دەکەین.

سەبارەت بەو ڕاپۆرتە پێش بڵاوبوونەوەی، قسە لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوبەراتیە کراوەو ئاگادارکراوەتەوە لە بڵاوبونەوەی هەروەها ئامادەییش دەربردراوە کە لە یەکەم ژمارەدا وەڵام بداتەوە, کاتێکیش لەسەر هەمان مەبەست وەڵامی ٢ تەلەفۆنی ڕۆژنامەکەش نەداتەوە، ئەرکی ڕۆژنامە نیە بە تەکلیف بیروبۆچون وەربگرێ, دەست خستنی ئەو ڕاپۆرتەش هیچ مەبەستێکی لە پشت نیە وەك ئەوەی لە وەڵامەکەیاندا هاتوە، بەڵکو ئەوە کارو ئەرکی ڕۆژنامەنوسەو وەك چۆن فەرمانبەرێکی تر ئەرکی هەیەو دەبێت جێبەجێی بکات، کاری ڕۆژنامەنوسیش بڵاوکردنەوەی زانیاری‌و هەواڵە.

لە کۆتاییدا دەستکەوتنی ڕاپۆرتێکی نهێنی کە ئاماژە بە گەندەڵی‌و تەزویرو ئیختلاس بکات، پێویستە بە دەستخۆشیەوە سەیری بکرێت، نەك بە گلەیی‌و گازندەی ناتەندروست، هیواش دەخوازین بەڕێوبەرایەتی ناوبراو بە دلسۆزیەوە ئەو کارەمان لێوەربگرێت، چونکە پەیامی ئێمە بریتیە لە خزمەتکردن‌و دڵنیاشین ئەگەر ئەو ڕاپۆرتە دەست هەر ڕۆژنامەیەکی تر کەوتبا، بەجۆرێکی تر مامەڵەیان لەگەڵ دەکردو زیاتر قسەیان لەسەر دەکرد، بۆیە ئەوە بابەت نیە وەك ئەوان دەیڵێن، بەڵکو چەند سەرقەڵەمێکی ڕاپۆرتێکە، ئەم مەلەفە لای ئێمە داناخرێت هەرکاتێکیش پێویست بێت، وەك خۆی هەموو ڕاپۆرتەکە بڵاو دەکەینەوە.

**لێدوان**

# قەرەیلان: فەرمان بەکەس ناکەم تەقینەوە بکات

دوای ئەوەی لە١٥ی١٢ی ساڵی ڕابردوو فڕۆکەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر قەندیل‌و پاش تەقینەوەکەی دیاربەکر موراد قەرەیلان. سەرۆکی گشتی پەکەکە ڕەتیکردەوە کەفەرمانی بەکەس کردبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی خۆکوژی، قەرەیلان بەرۆژنامەی پۆلەتیکای ڕاگەیاند کەبیوکانت و ئەردۆگان نەدەوێران بێنە دیاربەکر ئەگەر ئەوان فەرمانیان بەکەس کردبا کە کاری خۆکوژی بکەن . ئەمەو قەرەیلان دوای لێدوانەکەی جەمیل بایك جارێکی تر ڕەتیکردەوە کە لەفەرهەنگی پەکەکەدا تەقینەوەی وەها هەبێت‌و سەرکردایەتی پەکەکەش وەئەستۆ گرتنی ئەم تەقینەوەیە قبووڵ ناکات بەڵام ئەوەی نەشاردەوە کەپەکەکە بەهەزاران لایەنگری هەیە بۆ ئەوەی چالاکی فیدائی بکەن، بەڵام ئەوان فەرمانی وا دەرناکەن، موراد قەرەیلان سەبارەت بەتەقینەوەکەش گووتی لێکۆڵینەوەکانی ئێمە دەستیان پێکردووە. قەرەیلان ڕووداوەکەی دیاربەکرو سەردانەکەی عەبدوڵڵا گوڵی بۆ ئەمریکا وەکو یەك سەیرکرد بەڵێنیشی دا لێکۆڵینەوە بکات. ئەوەشی بۆ ڕای گشتی ڕوونکردەوە کەپەکەکە ئەم تەقینەوەیە قبوڵ ناکات‌و وەڵامی میدیا تورکیەکانی دایەوە کەگوایە لەقەندیلەوە فەرمان بەو تەقینەوەیە کراوە، قەرەیلان بەتوندی ئەو پڕوپاگەندانەی ڕەتکردنەوەو گوتی ئێمە فەرمانمان بەکردنی ئەو چالاکیە نەکردووە بائەردۆگان و بیوکئانیت باش بزانن ئەگەر ئێمە فەرمان بەئەنجامدانی چالاکی لەمجۆرە بکەین ئەوا ئەوان ئەو پیاوە نین بێنە دیاربەکر ئاماژەشی بەوەکرد لەئێستادا پەکەکە تەنیا بەرگری دەکات نەك هێرش، ناوبراو ئەوەشی بەبیر ئەردۆگان هێنایەوە لە٢٨ی ئاداری ٢٠٠٦ سوپای سەربەست کرد لەوەی کەژن و منداڵ بکوژێت بۆیە گەلی کورد لەدیاربەکر ئەو ڕاستیە باش دەزانێت، هەروەها پارتی دەسەڵاتداریشی لەتورکیا بەبەرپرسی گرژی و ئاڵۆزیەکان دایە قەڵەم. لەکۆتایی لێدوانەکەی موراد قەرەیڵان ووتی داخوازیەکانی گەلی کورد ڕەوان‌و دیدارەکەی گول وبۆشیشی بەتەواوکەری دیدارەکەی نێوان ئەردۆگان وبۆش وەسف کرد، پاشان لێدوانەکانی گولی بەتوندی ڕەتکردەوە کە وتبووی پەکەکە نوێنەرایەتی گەلی کورد ناکات و تەئکیدی کردەوە کە پەکەکە هەڵقوڵاوی گەلی کوردە .

# بیناکەی گەنجانی حاجیاوا لە دەرەوەی شار دروست دەکرێت

**لێدوان تایبەت**

دوای ئەوەی پار ساڵ لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پاریزگاری سلێمانی، کۆمەڵێك پرۆژە بۆ شارو شارۆچکەکان دانرا نو تێیدا لە شارۆچکەی حاجاوا، وێرای دەرچوونی کۆمەڵێك پرۆژەی خزمەتگوزاری، بیناپێك بۆ گەنجانی حاجیاوا خرایە بەرنامەوە, بەڵام دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی بۆ بیناکە دانراوە, گلەیی لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لە ناو گەنجان کە پێیان وایە ئەو شوێنەی بۆ دروستکردنی بیناکە دەست نیشانکراوە، دوورە لە مەڵبەندی شارۆچکەکەو بۆ چالاکی گەنجان نەگونجاوە, بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاواو سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا, تەئکید لەوە دەکەنەوە کە یاریگایەك لە مەدخەلی شارو چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری تر لە ناو شار دروست کراون‌و ئەو بینایەش بە هۆی ئەوەی ڕووبەرەکەی نزیکەی ٩ بۆ ١٠ هەزار مەترە، لەسەر نەخشەو لە ناو مەرکەزی شارۆچکەکە جێگای وای نەبووە، کە بگونجێ لەگەڵ ڕووبەری بیناکە, بۆیە خراوەتە ئەو شوێنەی ئێستا کە دەکەوێتە کۆتایی ماڵەکانی حاجیاوا، لە بەری ماکۆکدا, لە لایەکی تریش سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا وتی: کە ئەو مقاولەی کە بیناکەی بۆ دەرچووە، داوای کردوە کە ئەو بینایە لەشوێنێکی نزیکتر دروست بکرێت، بەڵام تەئکیدی لەوە کردەوە کە دەستنیشانکردنی شوێن بۆ پرۆژەکان پەیوەندی بە ئەنجومەنی شارەوانیەوە هەیەو لە نەخشەی شارۆچکەکەش ڕووبەرێکی گونجاومان نیە کە ئەو مەسافەیە بگرێتە خۆی. لە لایەکی تر سەرچاوەیەکی تر پێی وابو کە دوور نیە ئەم پرۆژەیە بوەستێت یان گرفت‌و نارەزایی زۆرتری لی بکەوێتەوە، چونکە بە پێی قسەی ئەو سەرچاوەیە مەبەستێکی تایبەت لە دەستنیشانکردنی ئەو شوێنە هەیە .

# دوو تیرۆرستی سەر بە قاعیدە لە رانیە دەستگیر دەکرێن

**تایبەت بە لێدوان**

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەراتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین بە لێدوانی ڕاگەیاند کە دوای چاودێری کردن‌و بە دواداچونی بەردەوام لەسەر دوو گومانلێکراو عەرەب بە ناوەکانی ( باسم، ئەسهەر) کە خەڵکی شاری دیالەن‌و ماوەیەکە هاتونەتە شاری رانیە دەرکەوت کە ئەم دوو گومانلێکراوە تیرۆرستن‌و سەر بە گروپی تیرۆرستی قاعیدەن‌و تا ئێستا چەندان کاری تەقاندنەوەو کاری تیرۆرستیان لە باشوری عیراق ئەنجام داوەو لە دەست پۆلسی شاری دیالە رایان کردوەو فەرمانی دەسگیرکردنیان هەیە بە مەبەستی خۆشاردنەوەو درێژەدان بە کاری تیرۆرستی رویان کردۆتە ناوچەکە بۆ مەبەستەش هێزەکانمان هەردوو تیرۆرستی ناو براویان دەستگیر کردو لە دانپێنانی سەرەتایشدا دانیان بە تاوانەکانیات ناوە.